
شـــيعر



# مەرگی پێشـوو،

. . . . . . . . . . . . . . . .

عیســـــا چیایی

(2013)

**((..من وانازانم شیعر لەپاشەکشێدایە ،**
**بەڵام قەت پێشم وانەبووە کە شیعر هەموو شتێکە ..!))**

..**عەلی نارێنی**: پێت وایە دەق بەرپرسە لەوەی کە هەموو یادگارەکان وەك خۆی هەڵگرێ ،کەئێمە پێویستیمان پێیەتی یان بە پێچەوانەوە ،ئەوە یادگارەکانن کە هەمیشە دەقمان پێ ئەنووسن ..؟

**عیسا چیایی**:خۆزگە وابووایە کە تۆ ئەڵێی ،بەڵام ئەویش هەم دووبارە ئەکەوێتەحاڵەتی نسبیەوە ، یەعنی هەندێ شت هەیە، هەندێ جار ڕووداو ئەبێت ،کارەساتی زۆر گەورە بەسەر ئینسان و میللەتەکەی ڕوو دەدات . لە چرکەی گەرم وگوڕیدا تۆ هەست دەکەیت شتێکت بۆ نایەت شایەنی ئەو گەورەیی وبالآنومای کارەساتەکەبێت . دیسان خۆت ناتوانی هەڵیبژێریت ،هەندێ جار ڕووداو چامە دروست دەکات ،یان شیعرەکە خۆی ڕووداوێ دروست دەکات ،دیاری کراو نییە .ناتووانم بەشتێکی ڕەها وەڵامت بدەمەوە ، من پێم وایە ڕووداو شتێکی گرنگە لەنووسینی شیعردا ،ئەوچامەیە بوارێکە بۆ ئەوەی کۆمەڵێ ڕووداو بگێڕێتەوە،ئەو شیعرە بوارێکە بۆ گێڕانەوەی کۆمەڵێ ڕووداو ڕووداو هەیە بەڵام مەرج نییە ئەو ڕووداوەی تۆ مەبەستتە بەو کەرەستە خاوەی کە هەیە هۆکاری یەکەم بێت بۆ دروست بوونی ئەو چامەیە ،بەڵام ڕووداوی تیایە ..!

**عەلی نارێنی** :بۆ چی هەوڵئەدەین هەموو جارێ تەنیا ئەو ڕووداوانە بنووسین کە پێویستیمان پێ یەتی ؟ ئەوانەی کە پشت گوێ ئەخەین وەکو ئەوەی نەبووبێت ..؟

**عیسا چیایی**: بۆ نمونە ...

**عەلی نارێنی** :ناتوانم دەستنیشانی بکەم ،بەڵام کاتێ تۆ سۆزت هەیە بۆ ڕابوردوو ،یادگارییەك ،لەچوار چێوەی چامەیەکدا جێی ئەکەیتەوە ،بەڵام ئەم یادگاریە بریتی نییە تەنیا لەو چرکەیەی کە تۆ دەینووسیتەوە شریتێکە دەرەنجام دروست بووە .تۆ ئەیپچڕی ونیوەی دەگێڕیتەوە ونیوەی تری جێدەهێڵی ..؟

**عیسا چیایی** :ئەمە ئەکەوێتە سەر ئەو حاڵەتەی کە تۆ مەبەستتە ،من نازانم تۆ باس لە چ حاڵەت و کام شیعر دەکەی ..حاڵەت ، ڕووداو هەیە هەموومان بەشدارین تێیدا ،هی هەموومانە ،هەندێکی تر هەیە هەرکەسەو هی خۆیەتی ، هەندێ ڕووداو، ڕووداوی خەڵکە بەگشتی،بۆیە خەڵك بەشدارن لە دروست بوون ولەوتنەوەیدا لەباسکردن ولەگێڕانەوەشیدا ..بۆیە کە شیعرێك دێت تەریب دەبێت لەگەڵ ئەو ڕووداوەدا ،هەمووتان خۆتانی تیا ئەدۆزنەوە .هەندێ ڕووداوی تر هەیە کە ڕەنگە ئاستی هونەری چامەکە بەرزتریش بێت بەڵام مادامەکی ئەو ئاوێنەیە نییە کە ئەو کۆمەڵە خەڵکە خۆی تیا ببینێتەوە ، وانا خوێندرێتەوە کە تۆ مەبەستتە ،بۆیە لەو ڕێکەوتانەدا غەدرێکی زۆریش لەو چامەیە دەکرێ ..

**عەلی نارێنی** : پێت وایە ئەوە یادگاریە تۆ پەیوەست ئەکا بە جێگاوە ،یان جێگا خۆیەتی ،خۆی ئەسە پێنیٚ کە تۆ سۆزت هەبێت بۆی ..؟

**عیسا چیایی** :.هەر دووکیانن..هەردووکیان ....

**عەلی نارێنی** : لەنێو ئەو هەموو کێشەیەی کەلە ئەمڕۆداهەیە شیعر..ڕەنگە شیعر وعەشق تەنها پەناگە بن بۆ ئارامیی ڕۆحەکان یان دڵەکان .ئەگەر وەلی دێوانە هەموو دنیای لەچاوی شەمەوە بینیوە ،ئێمە لەم هەموو کێشە وئاژاوەیەدا بۆچی شاعیر هەوڵی نەداوە لە ڕێگای عیشقەکەی خۆیەوە دنیا ببینیٚ وباسی لێوە بکات ..

**عیسا چیایی** :زەمانی من ڕەنگە جیاواز بێت لەگەڵ زەمانی وەلی دێوانەدا ،نەك زەمان، زمانی نووسینیشمان دەگۆڕێت .زۆر جار زەمان تۆ کێش دەکا بەرەو نووسینێك. یەعنی ئەو وات لیٚ دەکات کەشتێکی تایبەت بنووسی نەك بە پێچەوانەوە .زەمانی وەلی دێوانە زەمانی ئینسانێکی سەرەتاییە کە بەرکەوتنەکانی لەگەڵ دونیادا زۆر کەمە . کێشەی تری نییە ، ئینسانی ئەم سەردەمە ڕەنگە کێشەی زۆر بیٚ ،نەك هەر ئەوە سەیرکە شیعری خۆشەویستی بەو مانایەی کە تۆ باسی دەکەیت ڕەنگە ئەمڕۆ لەقەیرانێکدا بێت ، ئێستا لە دنیادا شیعری خۆشەویستی زۆر کەمە .
ئێستا باس لەوە دەکریٚ کە شیعر لە زەمەنی سەتەلایت وئینتەرنێت و کۆمپیوتەردا ، پەراوێز دەکەویٚ ( کەمن پێم وا نییە ) بەڵکو بووارەکانی بینینی شیعر کەمتر دەبێتەوە .!

**عەلی نارێنی** :باشە لەنێو ئەو هەموو کێشەیەی کە ئەمڕۆ هەیە و وەکو ئێوە دەڵێن لەسەردەمی تەکنەلۆژیا شیعر کەمتر دەبینریٚ تۆ ئەتەویٚ شیعر بۆ نوخبە بنووسی یان بۆ کۆی خەڵك ..ئەگەر بۆ نوخبەیە ئەوە ئەتوانی بڵێی خوێنەنر تۆ بەدووای لایەنەشاردراوەکانی ئەم دەقە ئەڤینداریەدا بگەڕیٚ وئەگەریش بۆ خەڵکە بەگشتی ،ئەبیٚ زمانێکی تر ، گوزارشتێکی تر بەکاربێنی بۆ ئەوەی بتوانن لێی تێبگەن .

**عیسا چیایی** :هەندیٚ شت هەیە باسی لێوەناکریٚ .کە تۆ بڵێی ئەمەیان وایە ئەوی تر وا .هەندیٚ شت ،هەندیٚ مانا ، هەندیٚ شیعر هەیە وەکو جۆگەلەی ئاو وایە کەبەر بەردیٚ ، بەرداریٚ ،دەکەویٚ خۆی پێچ ئەکاتەوە وجێگە بۆ خۆی ئەکاتەوە و بەلایەکی تردا دەڕوا ..
من وای نابینم کە شیعر پەراوێز دەکەویٚ ،یەکە مجار شیعر لەچاو کەیدا پەراوێز دەکەویٚ .؟لەچاو زەمانێکدا کە شیعر هەموو شتێك بووە ..؟شیعر پێشتر هەندیٚ ئیشی پێکراوە ،ئەوانە ئیشی شیعر نەبوون ..یەعنی قۆناغەکانی پێشووتر شیعریان بەبارێکی قورس بارکردبوو ،ئەوانە باری شیعر نەبوون .شیعر یەکە مجار ناخی مرۆڤ خۆیەتی لەناوەوە .مەرج نییە هەموو دنیا گویٚ لەشیعر بگریٚ ،ناکریٚ داوای ئەوە بکەی کە هەموو دنیا یەك ڕەنگی بوویٚ .من پێم وا نییە کە شیعر لە پاشەکشەدایە بەڵام قەت پێشم وانەبووە کە شیعر هەموو شتێکە ..!

یان هەموو کەس دەبێ شیعر بخوێنێتەوە ..شۆفێری ئۆتۆمبیل و میوە فرۆش و مامۆستا و تد ..ناچارن شیعر بخوێننەوە ..شتی وا نییە،ئەو خەڵکانە خۆیان شیعر و خوێندنەوە هەڵدەبژێرن . بە پێچەوانەوە ئێستا لەو فێی تەکنەلۆژیا و سەرقاڵبوونەی خەڵکدا، کەسێك لەسەرخۆ وبەوردی شیعر بخوێنێتەوە، خوێنەری ڕاستەقینەی شیعر ئەوەیە ...!

**عەلی نارێنی**: ئێستا لەزۆر خەڵکی خوێنەری خۆمان بپرسی ئەڵێ من لەحەفتاکاندا شیعرم ئەخوێندەوە ، ڕەنگە ئەگەر وای لێکبدەینەوە قۆناغی حەفتاکان پێویستیمان بەشیعری بەرەنگاری هەبووە، ئێستا لەقۆناغێکی ترداین ،جۆرێکی تر شیعر ئەخوێنینەوە ،تۆ بڵێی قۆناغەکە وای کردبێ شیعر کەمتر بخوێنرێتەوە یاخود بابەتەکان وایان کردووە ،شێوازێکیتر یان شەقڵێکیتر وەربگرێ ..؟

**عیساچیایی**: با غەدر لەهیچ لایەك نەکەین،هەندێ جار شیعر وەکو ئاو وایە خۆی ڕێگە بۆ خۆی دەدۆزێتەوە ، هەندی جاری تریش زەرورەت .بۆ نمونە ئینسان لەقۆناغی حەفتاکاندا پێویستی بەشتێك هەبووە گوزارشت لەو زاتە پێشێلکراوەی بکات ،ئیتر شیعر خێراترین فاکتەر بووە بۆ ئەو حاڵەتە، بۆ گوزارشت کردن لەو حاڵەتە ،وتمان پوختتر باسی زمان ئەکەین .. یانی زمان چی یە..؟ ناکرێ بڵێین لەحەفتاکاندا زمانێك هەبووە و لەهەشتاکاندا زمانێکی تر ،زمان هەمان زمانە ، بەڵام ،شیعر پەیوەندی زمانە ،لەشیعردا وشە ئەکەوێتە کۆمەڵێ پەیوەندیەوە،با نمونەیەکت بۆ بێنمەوە ،تۆ قۆناغەکانی شیعری کوردیت خوێندۆتەوە ،وشەیەك وەربگرە ،هەر وشەیەك ،بۆ نمونە وشەی گوڵ وەربگرە ..گوڵ ،بۆ نمونە لای نالی چۆن بەکارهاتووە (کەلای من هەرباس کردنێك لەشیعری کوردی بە بێ ئاوهێنانی نالی ،باسێکی نوقسان دەردەچێ ..) یان لە قۆناغەکانی تردا دووای ئەو چۆن بەکارهاتووە .؟

گوڵ لای (نالی) :

تا نەگریا ئاسمان وتەم وڵاتی دانەگرت

گوڵ چەمەن ئارا نەبوو ،هەم لێوی خونچەش وانەبوو .

لەچەند قۆناغێکی دووای ئەودا (مەولەوی ) دێت ،لەبەیتێکی ناسکدا گوڵ ئاوا بەکاردێنێ ..:

گوڵ چوون ڕووی ئازیز نزاکەت پۆشان .... وەفراوان چوون سەیل دیدەی من جۆشان

چەند قۆناغێکی دووای ئەو (گۆران ) دێت لەو ئۆپەرێتەدا دەڵێ :

پایزە گەڵای دار ڕژاوە ، باخ ڕووتە

گوڵ کوانێ ،گوڵ لێوی بە بزە پشگوتە .

سەیری ئەو سێ گوڵە بکە ، ئەو سێ گوڵە بخەرە کەوانەوە ،گوڵی یەکەم ئەوەی (نالی ) گوڵێکە لێوان لێوە لە خۆبایی بوون وفیزێکی نەتەوەیی لەچوار چێوەی ئیمارەتی باباندا ،کە لەچەند بەیتێکی دووای ئەوە ئەڵێ :

تا سوله یمانان نەبوونە سەدری تەختی ئاخیرەت

ئەحمەدی موختاری ئێمە شاهی تەخت ئارا نەبوو ..

گوڵەکەی نالی بۆ ئەوە وتراوە بۆ ئەوەی لەچەند بەیتێکی دوواتر باسی مردنی سولەیمان پاشا وهاتنی ئەحمەدی پاشا بکا ،ئەمە گوڵە ،گوڵی (مەولەوی) گوڵێکە وەك خۆی لە سروشتەوە هێناویەتیە ناو شیعرەکەوە ، بێ ئەوەی بەهیچ شتێك موتوربەی بکات ..

دووای ئەوە گوڵەکەی (گۆران) کە گوڵێکە خەڵتانە بە،بە ڕۆمانسیەتێکی ڕەشبین .ئیتر ئاوا قۆناغەکان وا دەکەن زمان بگۆڕێ ، پەیوەندی شاعیر بەوشەکانەوە زمانەکە ئەگۆڕێ ،نەك زمانەکە ئەگۆڕێ .

یەعنی ئەو خوێنەرەی نەتوانێ لە پەیوەندیەکەی نالیەوە خۆی بگەیەنێتە قۆناغی مەولەوی ولەویشەوە بۆ گۆران ناتوانێ وەك خۆی لە شیعرەکانیان تێ بگات ..!

**عەلی ناریێنی**:یەعنی پێت وایە زمان نەگۆڕاوە ،ئەوە دەربڕینەکان کە جیاوازن ..

**عیساچیایی** : شیعر لەنێوان وشە .و شت دا پەیوەندیەك دروست دەکات ،وەکو گوڵەکەی کە باسم بۆ کردی شیعر ئەو پەیوەندیانە ئەگۆڕێ ..

..لەچاو پێکەوتنێکی کەناڵی تەلەفزیۆنی ئازادی /کەلار ەوە..

# دوو سێبەر

(1)

## لەسێبەری (بورجی ئازادی)ـدا ..

..لێرەدا،

(نیما یوشج)،

باسی شەوی کرد ..

لێرەدا،

(شاملو )

پێی هەڵەنگوت و

وتی یا شیعر ...

لێرەدا،

(سوهراب )،

بەگژو گیا خۆی داپۆشی ...

لێرەدا،


پاسدارێك ..

لەبێزاریدا،

کاشی ڕاڕەوی،

نێو ئەم باخچانەی دەژمارد ...!

تاران ..1996



(2)

## لەسێبەری (نصب الحریە)ـدا ..

... لەو ڕۆژەوە تۆم لێ ونی
نەشەوم وەك شەو دەگوزەرێ
نەڕۆژگاریشم ڕۆژگارە
لەو ڕۆژەوە ..تۆم لێ ونی ..
نە دڵداریم پێ دەکرێ ..و
نەچاوی (خوا)ـم لێوە دیارە ..!
لەو ڕۆژەوە تۆم لێ ونی ..
لە کازیوە گومان دەکەم
لەمانگە شەوان دەترسم ..
لەو ڕۆژەوە
لە سۆراختام
هەواڵی تۆ
لەگڤەی با .. و
ڕێژنە باران
لە کپی و (دیجلە) دەپرسم ..!!

**********

بەغدا...1989

# هەردووو دیوی پەنجەرەکە

...لەو دیوەوە،

دنیا سپی دەچێتەوە

سپی ...

سپی، وەك كلووی لۆكە .

بەفر دەبارێ

لەم دیوەوە،

دنیا سپی دەچێتەوە

یادوەریەكی ڕژاو.. و

ڕیشـــــــی باوك .. و

چەرچەفی سەر قەرەوێڵەو

سەدریەی بەری پەرستیار ..و

سەرپۆشی دایك و

سیمای خەمگینی هاوڕێ و

دنیا

سپی

دەچێتەوە

وەك كێڵگەی لۆكە ...

دنیا سپی دەچێتەوە ..

***

نەخۆشخانەی فێركاری سلێمانی (كۆتایی مانگی سێی 2001 )



## شـــــــــــەو .. ( 2 )

شەو بەئێوارەی وت : زووبە
تەیرە/ شەمشەمەکانم
هێندە خۆیان دا
بە سەرو چاوی ڕێبوار و
شووشەی پەنجەرەو
ڕەقایی دیواردا
سۆماییان داهات .
بەردەکانی سەرەڕێ داخ بوون
گڵۆپی دارتێلەکان ،
بیریان چوویەوە کە گڵۆپن .
ئەستێرەکان لە چاوەڕووانیدا ،
بوون بە ڕەوە پشیلەیەکی وێڵ .
شەوبۆکان عەتریان لێ دەڕژێ
نێر ومێ ڕۆژهەڵاتیەکانم
ڕووت نابنەوە
بۆ یەکتری ..
سوێیان بوویەوە ..

(با) کان

له تارماییيەك دەگەڕێن

پێی بڵێن ، نهێنیی .

کچە گوڵەکانم ،

بە دووای (ڕۆژ)ـی بێ وەفادا ،

ملیان خوار بوو .

شەو بە ئێوارەی ووت : زووبە ،


زووبە .....زوو

با من بێم ،

پشـــــوویەکم بۆ هەموو ...

***************

# وێستگە



(1)

## بـــــاران

ڕێژنە بارانی بەهاران

وەك ئازاری ئەوینداری ،

وەك شەوانی ( تۆ ) پەرستی

تەڕم ئەکا ...و

تەڕم ناکا ....!


ئەم بێ (تۆ)ـییە دوورە ،

وەك شەپۆلی کەنارەکان

لە سنووری ،خۆشەویستی

دەرم ئەکا....و

دەرم ناکا ...!



(2)

(*****)

ڕیشۆڵەکان ،
من و تۆیان نەناسیبا
بەرگی ڕەشیان نەدەپۆشی ..
کۆترە شینکەی ئەو کێوانە
بەخەمەکانی ،
من و تۆ ئاشنا نەبان .
بەردەوام وا ،
دڵتەنگ و شین پۆش نەدەبوون ...



(3)

## شـــــەو ..(1)

..شەو گرانە ،

شەو نهێنیی ئەدرکێنێ .

جەستەی سڕم ،

لەبەر شەستەی تەنیاییدا ، سەما دەکا ..

چەمی کچێك ،

دارستانی ڕۆحم دەسووتێنێ ....!

(4)

## تــوّ..

... من ئەوەندە گوێم لە تۆیە
کوا ئەوەندە گوێم لە خۆمە ..؟
کە فرمێسکی بیٚ سەرو شوێن /
دیدەی ئازیزم جیٚ دێڵیٚ ،
بۆ خۆم نییە ، هەر بۆتۆمە .....!

**بەرواری جیا جیای (1990/1989)ـی بەغدا**



# دەرگایەك

. . .  دەرگایەك ،

نە . .   بۆ چوونەدەرەوە

نە . . . بۆ هاتنە ژوورەوە

دەرگـــایـــەك

نە  ... بۆ وەرگرتنی نامەیەك

نە  ... بۆ دیمانەی ئازیزێك

دەرگـــایـــەك

بـۆ دەرگـــا


بۆ ئەوەی دەرگا هەبێت

دەرگا..دەرگا..دەرگا..دەرگا..دەرگا

دەرگایەك/ ... تەنیا

بۆ مۆمیاكردنی هەوا ..  و

بەخشینی تاریكیی.........!



# غـــەریبی

... بەیانی یەك ،

لە یانەکە دانیشتبووی

زۆر تەنیا بووی .

لە دەرەوە ،

بارانێکی شین دەباری ،

کەچی ناختی پێ تەڕ دەبوو .....!!



# ئــــــەو

ئەو ،
هات .. تەنیایی داگیر کردم .
ڕۆشت ..کەلاوەیەکی جێهێڵا
لەهزری بریندارمـا .
ئەو ،
لەبۆشایی (با) و ڕووناکیدا
گوڵدانێك بوو لە تەم ومژ
منیش ، یەژنێك لە سەمای باران ئاو
نیگەرانیی باران ،
ئـــــــــاژاوەی تەنیایی .
دەنگم تەڕ ..و
هەناسەم شێدار
وەك سێبەری دڵۆپە ئاونگێك ..لەکەوتندا ، لەوێ ...



# ئەم

... برادەرگیان ... تەنیایی پرووکاندومی
تۆ ئەم کچەت چاو کردووە ،
لێو.و ژێر پێ و
مەمکۆڵەکانی وەکو یەك
سووتماکی ژێر ڕەحمەتی ئەو خۆرە شێتەن .!
لەعەزرەت تێکەڵبوونێکدا ،
باوێشك دەدات ..
نازانێ خەم -
بۆ ماچێکی گەرم وگوڕ ،
یان بۆ نان بخوات ...!

**ئۆردووگای گردەنو/کوردستانی ئێران هاوینی** (1991)



# بنو ئازيز

**ئەم شيعرە ،پێشكەشە بەو مندالە ڕۆح سووكەى ،كەلە شەوێكى، دوور ولاتيدا لەبەر كەم خزمەتى وبێ دەرمانى چاوانى لێكنا ..**

..بنو ئازيز ..

كێ بێ لەتۆ ماندوو تربێ ..؟

كێ وەكو تۆ

لەساتێكا

دوو ولاتى تەى كردبێ ..و

بۆ ئايندەى نەزانراوى

كێ ..لەتۆ بەخشندەتر بێ ..؟

بنو ئازيز

كام بستە خاكى غەريبى ،

باوەش بۆ جەستەى بيمارت دەگرێتەوە .؟

كە تۆ چاوانت لێك دەنێى ..

لەكام گوندى كوردستاندا

خونچەيەك چاوى گوڵينيى ، دەكرێتەوە ..

بنو ئازيز

سێبەرى پەنجەى خۆلاويت

بەدامێنى

ماڵۆچكەكەتدا جێماوە .


هێشتا ڕۆحت تارماييە و

بەسەر بەژنى خێوەتگادا ، ڕاكشاوە .



بنو ئازیز
دەبسرەوێ ،
با دەم وچاوێکت بشۆین
پێ وبەلەکت ،
لەو خاکە سووتە مەرۆیە ، بتەکێنین .
دەبسرەوێ ،
جارێکی تر، بۆ نان خواردن ،
نیگا نابڕی لەو گولـــــــــە ..
جارێکی تر ،
بۆ خۆشتن ،
دەست هەڵناگری لەو گڵە ..
تۆ ئەوەندە ، شەیدای گڵ بووی
تۆ ئەوەندە ، شەیدای گوڵ بووی
هەتا بووی بە قەرەبرووت
هەتا بووی بە ،
ساتی ترس و چاوەڕوانیی
بنو ..ئازیز
دڵنیا بە
ئیتر خاوەن ،
خاك ..و .گوڵ ..نیشتمانی ..!

بەهاری (1991) ئۆردوگای گردەنو/کوردستانی ئێران .



# (( بێ دەنگیی ))

. . . بێ دەنگیی
پێکدادانی دوو نیگای دووره
له دوو ئاراستەی جیاوازەوه پێکدەگەن
لێکخشانی دوو جەستەیه له هێمنیدا
باویشکدانی نوێنێکی تەنیایه
دەست به قژدا هێنانی مێینەیەکی خەواڵووه
له بەیانیەیەکی زستاندا
.. بـــێ دەنـگـیـی
سـەڵاودەکــات . و
له پەنای تەنیاییمدا دادەنیشێ
... بێ دەنگی
به کۆڵانه تەسك و تروسکەکانی
قسه کردندا / تیپەر دەبێ .. و
سیگار دەکـێـشـێ ... !



# (( حـەنـــيـــن ))

... ورد ،

ورد ...  دەڕژایە دۆرگەی خەونەوە

تا تەواو بەرجەستە دەبوو

تۆپی زەوی .. بەر ماڵێك بوو لە بەستەڵەك

لە چەقیدا .. لە سەر گابەردێك ڕۆنیـشتبوو .. ئەو

پرچ و ڕیشی سپی .. سپی بوون

وەك كلۆی لۆكە

ژیتارێكی ئەژەندە ژێكانی — با —  بوون

مەڕو چۆلەكە. و . سمۆرەی هێنابووە سەما

بەفرێكی هێمن دەباری و بازێك لە سەر شانی ئەگریا

لەو ئاژاوەیەدا .. تەنیا

وەك كەروێشكێكی زراو چوو

وەك ئاگرێكی بەربوو لە زەریایەك

...     ...     ...     ...

ڕۆحی  نەزیفی ،

دەرژایە نێو شەپۆلەكانی —بـا— وە

(بۆشـاییـەكی

ئـاسـمـانـیـی

ســـــــارد

دایـدەپـۆشـی)

ورد  ، ورد..سیمای لە تەم ومژدا وون دەبوو.....!



## شیعرێك بۆ گروپی بەتانی

-/ چاوتان داخەن چیی دەبینن ..؟

یەکەم : من شەنگترین کچی دنیا ..

دووەم : من جوانترین و پاکترین شاری /

ون بووی نێو تەمتومانی پەمەیی ، ئێوارەیەکی ئەوروپا

سێیەم : منیش دەروونێکی هێمن ، دانیشتووی نێو یانە و

پیاسەی کەنار باخچەی سەوزی پڕ لە گوڵی

ناودار ترین زانکۆی جیهان ..

ئەی خۆت ...؟

چوارەم : من ئێشکتان لێ دەگرم ..چاوانم دانەخستووە

ئاوی بەلێشاو هاتووی سەر دەرگاکان ..و

دیمەنی ئاوارە بوون و پەراش بوونی ئاو دەبینم ..

وەلێ هەر لەپێشتانەوەم ..

برادەران ..

لەم زەمهەریری سەفەر و دابڕان و کۆڕەوەدا

بەردیش جێگای سەنگینی خۆی جێ دەهێڵێ ..

- ئەریٚ برۆین چیی ڕوو دەدات ..؟
- ئەگەر برۆین ..

ڕەنگە ، سیروان بە پیٚچەوانەوە هەڵچیٚ ..و

ساڵیٚ بە سیٚ وەرز و نیو ..و

مانگ بە شەست ڕۆژ گوزەر بکات

*/ نە ء ، هەر تۆزیٚ بیرمان دەکەن .

نە ء ، بیٚ تۆزیٚ ، بیرمان دەکەن /

بیرمان دەکەن ،

وەختیٚ چاوی نیوەڕووانیان

کز..کز.. داییٚ ،

لە چاوەڕووانیی سەیارەی کەمپی خواردا ..

وەختیٚ چاوی ئیٚوارانیان گەش ..گەش ..داییٚ

بەرامبەر فلیمی تورکی سەتەلایت ..


قاوەی کافتریای ڕۆشنبیر.. !

** ** ** ** **

**/*گروپی بەتانی، کۆمەڵە گەنجیٚکی دەربەندیخانی بوون ، بە شەدایی چوون بۆ ئەوروپا، هەموو ئیٚوارەیەك تا شەو دادەهات لەبن شەلالەکان لەسەر بەتانیەك یاری وەرەقیان دەکرد، درەنگیٚ بەکەنەفتی دەگەڕانەوە، یادیان بەخیٚر وابزانم دوواتر بەو ئامانجەیان گەیشتن.**

**/* کەمپی خواروو، گەڕەکی تایبەت بە فەرمانبەرانی کەهرۆئاویی دەربەندیخان .**

**/* ساڵانی (97/96) کافتریایەك هەبوو لەناوەڕاستی شارەکەدا بەو ناونیشانەوە زۆربەی ڕۆشنبیرانی شارەکە لەویٚ گرد دەبوونەوە ..**



# گرانەوە

...دێیتەوە،

لەدیماهی بایەکی درەنگ هەڵکردوودا

چ.. دەبینی ..؟

وەك هیچ نەبووبێت ..ئاوا

یان وەك هەموو شتێك بووبێ ..

ئاسمانێکی دڵتەنگ و زەمینێکی بێ ئۆقرە

تەنیاییەکی وەك خۆت .

دێیتەوە..

ماڵەکەت پڕ بووە لە گمەی کۆتر و

بۆنی ڕەیحانە /

تەنیاییت لە گڕوگاڵیی ڕەنگاوڕەنگ .

لەو بەیانیە شپرزەدا،

. . . . . .

بۆ تۆ و

ئەم شیعرە تازەیەی بەردەستت

لەئەفسانەوە، گوڵی هێناوە .

تۆ هەست ناکەی ..

باڵات بستێ بەرز تر ..و

چەند تەڵێکی سپی ڕیشت،

ڕەش ، ڕەش دایێ ،

کاتێ بانگت دەکا..: باوە ..! (2003/5/14)



## 2 .. (( ؟ )) ((

...هێندە، قسەت نەکرد ،

هەتا، ئاخاوتنت بیرچوویەوە

هێندە، گوێت دایەخەمی ((کۆ))

تا ((تاک))ـێتی خۆتت ڕووشــــــــــــان .

هێندە باسی گوڵت کرد و، بۆ جارێکیش چی یە بۆنی گوڵت نەکرد .!!!

# 3 .. داخران

... ئێوارەی ،

سەرەتای زستانێکی درەنگ.. درەنگ، لەجێگایەکی دوورەوە

دوور..دوورەوە، بەشەکەتی خۆت دەکەیتەوە بە ماڵا .

بەدەم ڕەهیلەی خەمێکی ڕام نەبوودا /

سەری دنیات لێ دێتەوە یەك .

زۆر شت بووە،

زۆری تریش ....

.......

لە داخرانێکی سەیردا،

دڵی گەردون .. ڕائەچڵەکێ ..


پۆلێ کلاوکوڕەی تەڕ ..

ئاسمانی خەونێ شەق دەکەن .

گوندێك دەڵێ:– ئەو کۆشکانە بڕوخینە

تافریزم لە سەر سەوز بێ . و

ئاسك بە سەرما بێت و بچێ..



من دوو دڵم

لەو گرمە گرمە سامناکەی

چۆلەکەو سمۆرەی تاراند .

نیگەرانم بەو

تارمایی و ئاماژانەی،

سەوزایی لەبەهار تۆراند ..!

زۆر شت .. سەنگی خۆی نەماوە،

زۆر جێگا .. هەیە بەتاڵــە /دەبوو خەڵکی تێدا هەبا... و

زۆر گرێی نهێنی هەیە / دەبوو لەزاری ئەوەوە بدرکابا ..!

زۆری تریش ....

(11و12)ی 2008

*/ جیاواز لەئاسۆی ئەم شیعرە، (داخران ) پرۆژەی شیعرێکی درێژترە ....

# هاتنــــــــــــەوە..؟

..پروشەیەك،
نێوچەوانی تەڕ دەكرد و
دەستی هەڵدەبڕی بۆ ئاسمان
ئای ..خودایە
خودایە گیان ..
كەناڵێكی ترم دەیێ
كەناڵەكانم لێ وون بوون
لەتونێڵی یادێكەوە،
شەپۆلەكانی هەناسەی
دەڕژایە نێو ، خەونێكی شەنگەوە .
دەگریا
پێ دەكەنی
وایدەزانی یەكەمجارە
گوێی ئاشنای گریان بووە ..
پێدەكەنی
هەروەك ، بەردی دەستی ،
مناڵێكی بزێو
بێئاگا بەربێتە نێو
بیرێكی قووڵ ، دەنگی دەدایەوە ..

ئەم جوامێری زەمەنی

پێش ڕاپەڕین و

بچووك بوونەوەی ئینسان و

پێش کۆتایی شەڕی سارد و

عەشقی سارد و

ماچی سـارد و

پێش هەموو پێشەکان بوو ..

پێدەکەنی

دانەکانی، وردەچەوی ،

نێو چەمێکی ڕوونی لارێ بوون .

سمێڵ و ڕیشی هێندە نسرم بوون

وەك مێخەکی پەنایەك بوو

کەس نەیگاتێ .

بۆنی عەشقێکی بەساڵاچوو،

بۆنی گریانێکی شێدار،

بۆنی ئەشکەوتی لێ دەهات ..

هێرۆیەکی،

نوشتاوەی سەر چەمێکی تینوی

گەرمیان بوو .

بەژنی لەدارخەنە ئەچوو

تا سێبەری نامۆ دەکەوت

تا هەناسەی نامۆ دەڕژا

وەك پێکەنینی سمۆرە

وەکو کۆکەی چۆلەکە

وەك کەروێشکەی گژ وگیا

وەك نامۆیی .. و

تەنیایی نەورۆزی (1980)ـی

دێبنـــــــــــــە.....!



# فەرزەنـــــــدانە

لەئاوابوونی باوکمدا ( شێخ محەمەد شاکەلی / دێبنە )

ئەو ئاگرەی لە زەریایەکدا کرابۆوە، هەمیشە سەرمای بوو .!

..زستان ،

بیٚ باران وەرزێکی سەختە و کۆتایی نایە ..

بۆ ڕۆحی، ماندووی پیرێکی وەك ئەو

زەریاچەی زوقمە و هەر نایکاتەوە .

دنیاش سەرابە ، سەرابێکی شین .

بەیانییەکی درەنگ ڕەسیوە ... ڕۆژ نایهێنێت و

شەو نایباتەوە ..

شەو، فریزێکە.. فریزێکی ڕەش .. وەك شەوی لێقەومان .

وەك شەوی تۆڵەی پیاوی جوامێر ..و

وەکو ویژدان و دڵی نامەردان ..!

گڤەی ئەم (با) سامناکەش

لوورەی ناوەختی هەواڵێکە شووم ..

تا دووا ئەستێرە ئاسمانی ناخمان ڕا ئەوەشێنیٚ

تا چەتری شینی ئاسمانی ماڵێك ،

لەسەر پێنج براو چوار خوشك دەردێنیٚ ..!

.. بەیانیەکی درەنگ کەوتووە.....



(..بەیانیانێ ، ئەم گوزەرە بۆنی تەكانی بەپەلە وبۆنی قردێلە و
قەڵەمی قوتابی ئاوایی لێ دێ ..!
بەیانی سێ شەمەیەك ،كە هەژدەی دووا مانگی ساڵێك بوو،
ساڵێك ..
كەوەك قەراڵێكی ماندوو،
لە دۆڵێكدا تاجەكەی بەجێ دەهێڵا ..و
هەر ئەو بەریش ساڵێكی تر،
چاوەڕووان بوو،
دووای سیانزە ڕۆژ تاجەكەی ئەو هەڵگرێت،
كورسی بۆ وەرزەكان دانێ .
ئەو وەرزانەی ، بەداخەوە :
نە بەهاری، باوكم، داری تیا ئەڕوێنێ ..و
نە زستانی، باوكم ..لەبەر خۆرەتاوێكیا نوێژ ئەكا ..و
نە هاوینی، باوكم لە سێبەرێكیا قورئان دەخوێنێ ..و
نە پایزی، دڵی باوكم لەگەڵ كەوتنی هەر گەڵایەكدا/
دائەخورپێ ..!



نیوەڕوانێك ،

ئەو دەشتانە بۆ شەیدایەك بۆنی باران وپێشمەرگەو خاكی تەڕی ،

یەكەم پەڵەی ساڵی لێ دێ ..

ئێوارانێك ، ئەم دەشتانە ..

بۆنی بە ویقاری سەڵتە وبۆنی جامانە وچاوێلكە وتەرووی باراناوی لێ دێ

دنیا ڕەنگی (دێبنە) ئەگرێ ..!

دنیا بۆنی (دێبنە)ـی لێ دێ ..!

ئێوارانێك،

پیرەمێردێ بە خۆی وڕۆژنامەیەكەوە لەماشینێكی خاكیدا ،

ئاپۆرەی شـــــــار جێ دەهێڵێ ..

ئەی مانگە شـــــــەو ،

ئەی سوێی بێ وەفای برینێك ..

باوكم، ئەمرێ ...و

تۆ لە هەڵبوون و ئاوابوونی خۆت ناكەوی ......!!

## ((يـوســـــــــــف))

..يوسف، بەيانيەك كە نا ئومێديي و هيواى تێكەڵ بە ئيكسيرى تەماوى زوڵەيخا ومالّى (ئەحزان)ـەكەى باوك ومۆڕەى براكانى دەبوو / هەستا و چاوانى هەڵگوڵوفت، بەئازارەوە دەستى هەڵبڕى : خودايە ئەوە منم، يوزەرسيف، كوڕە لەبيرنەكراوەكەى تۆ و يەعقوب، عومرێكە بەديار ئەم كوانوە خامۆشانەوە فوو لە ژيلەمۆكان دەكەم ..

ئەز بێهۆشم و بێحەواس ..دێن. و گلێنەى چاوەكانيشم دەبەن..تەمەن بەرەو چل هەڵكشاو سۆراخى ئەو كۆردەرانەى كەنعانم پىَ نەگەيشت، منالّيم لەو كەلەبەرانەدا جێهێڵا و ناشبىَ بۆى بگەڕێمەوە ..من ناتوانم ..ئيتر ناتوانم بەو قيافەتەى ئەوساوە بڕۆمەوە .. ڕەنگە هەر نەشگەڕێمەوە ..هەر نەشبىَ بگەڕێمەوە ئەفسووس ..كىَ دەڵىَ من لەم مالّۆچكەقوڕينەيەى دنيادا، تەنيا دەسەلاّتەكان و گەنمى زۆر و نيگاى باوك و زەليلى براكانم دەوىَ و بەس ..

كىَ دەڵىَ من، بيابانەكانى كەنعان و كەنيزەيەكى تەنانەت لە نانە وشك تێرنەبووى كەنعان، بە ئەهرامەكانى ميسر و ژنەكانە كەڵەگەتەكانى ميسر دەگۆڕمەوە..؟ كىَ ..كىَ.. كىَ ئەم پرسەى بەمن كرد ..؟

* * * * * *

# فۆبیـــــــــــــــا

..لێره خەڵك،
زوو دەنوون ..
زوو دەنوون
تــادرەنگ
درەنگتر،
بیدار بنەوه و
برسی بن ...!

ئۆردوگای صمود، زستانی (1994)
و
کـەلار، (2016)

# پەنا

..پەناگرتنی ئێوارەم لە ئاژاوە
سەفەر بواری تاسەمە
بۆ گشت ساتێکی غەریبیم
سینەت عەرشی هەناسەمە .
ئەم ڕێگایە بۆ کوێم دەبا
چ مەنفایەك .. چ هەوارێ ..؟
کە ڕۆحم داوەتە باران
بەسەر ڕۆحتدا بباریێ ..!
ئەی ژێی کەمانی پچڕاوم ..
ئەی گۆچانی شکاوی هەست .
ئەی تەمەنی بێ هودەی من
تۆ هەر ئاوێنەی بەتاڵ ..و
تۆ هەر سەرابیان نایتە مست ..!
جەخار پڕم لە غەریبی
لە برین و زەخمی ساتی ئێوارانێ .
تۆ ڕووتی ڕۆحم نابینی ،
کەیلە لە ماتیی ئێوارە و لە گریانێ ..!

# خـــــۆنەبوون

... مەهێڵە ،

ئەو شەوبۆ تەڕانە،

لەنسێی سەراب وڕاڕەوی شێداری ئێستادا، ڕەق هەڵێن ..

مەهێلە،

ڕابردووی بارگاوی ئەو ڕۆژ و زەمان و وێستگانە

وەکو خۆی

خۆی بکا بە ئیمێل و کەناڵی ئێستادا ..

داخەکەم ، من ئێســتاکە ئەو نیم ..

ببورە لەوێ نیم ...

ببورە..من ئێستا،

نە ئەو .. و

نەلەوێم....

..خۆمەکەی جاران نیم .

..........

تکایە، دەست مەدە لە باس و نهێنیی ڕابردوو

ڕابردوو، کت و مت هەر وەك خۆی، بۆ ڕابردوو ...!!

# و

شیعری ( نالی لەبەیروت )، دووا ئەزموونی شیعری بڵاو کراوەمە، دەکەوێتە پاش ئەزموونی (پەڕینەوە)ـشەوە، بەڵام وەکو بەرواری بڵاو کردنەوە، کەوتۆتە دوو توێی دیوانی (مەرگی پێشوو)ـەوە کە ئەزموونی سەرەتای شیعر نووسینی منە و بڵاو کردنەوەی دووا کەوتووە .

# نـــــــــــــالی له بەیروت

ئەم شیعرە پێشکەشــــــــــــــــــــــــــــە بە "نالی "کورِم.

-1

لە مەسخێکی کافکاییدا، بوومەتەوە بە نالی،

سەرم لەکڵاو وجامانەیەکدایە، سەر و سمێڵ و ڕیشم هاتووە،جەستەم لە کەواو سەڵتەیەکی خەنەیی شیرباودا، قورئانێك لەبن هەنگڵی دەستی چەپمدایە و بەفەقیانەی دەستی ڕاستم، چاو لە خۆری کزی ئێوارە ون دەکەم، تا خۆم لە ئاپوورەی سەیارەی لەپڕ هاتووی، دووای پێبوونی گڵۆپی سەوز ببوێرم و

لە دوو ڕێیانێکی شەقامی"حەمرا" بپەڕمەوە .

تۆ دەربازبووی وڵاتێکی ماندوو و برسی، چاوی ماندووت بڕیوەتە هەنگاوی پێچاو پێچی گەردەلوولی، نێو پانتۆڵێکی کابۆ و لە کەمەری بۆ سەرەوەی هەمان بەژنی زراڤ ، لەئاژاوەی کراسێکی گوڵگوڵیدا، بە کەپرێکی خۆڵەمێشی کۆتایی دێ و بە ئاسۆییش دوو قۆڵی گورج هەریەکەیان، تۆپێکی توورت وزە و ورەیان دەداتێ .

2-

خۆشە ئەوێ، وەختێ تۆ هەر لەگەڵ تەڕ و بڕی نەرمە بارانێکی عەسرا،

وەك شپرزەیی و غەریبی دەڕژێیتە ئوتیل وشەقام وبازار و قەرەباڵخی شارێکی سێبەر و شێدارەوە . بۆ من بەیروت، پێم خۆشە بە ڕۆژ بەشداربم لە سەرشارترین شەقام وشانۆ وشوێنەکانیدا، شەویش لاچەپەکترین وبێدەنگترین کونجی .

لێرە ، لەهەرچرکەیەکدا، لە نێوان داری سەوز و سێبەری قورسیی ئەم پارکانە و کتێبی شەونملێنیشتووی وەشانخانەی " ئەنتۆنیۆ" ــدا ڕەنگە،

ڕەنگە، بارانێکی شین بباریٔ .

-3

دوێنێ و ئەمڕۆ سبەینێ دەبینی لە چاشتەنگاوی تەماوی " قەڵای سەلاحەددین " لەسوور
تۆ تا ئێستاش گوێت لە زرمەی ناڵ و حیلەی ڕەوە ئەسپێکە بەرەو ئاسۆیەکی نادیار ..
تۆ هەستەکەیت عیسا بەتەنیا لە ڕاڕەوێکی زانکۆی " قەدیس یوسف"ـدا بەسەر دەریای ناوەڕاستدا دەڕووانێتە ئەوروپا .
ئیبن عەرەبی پێی لە ئاوزەنگی ئەسپێکدایە / بە ڕاڕایی سیگار دەکێشێ
لە فریزێکی زانکۆی " بەیروتی عەرەبی"
یان زانکۆی " ئیسلامی " لە خەلدە.

-4

ئێوارانێك، سەرم وەك گومبەدی خانەقای "ساقیەی جەنزیر"
لاییێکی دەبێتە مەشعەلە ، وەك ئەو بەفرەی لەپایزێکی ڤاریادا دەبارێ و
لاکەی تری پڕ دەبێ لە بۆن، بۆنی بخوور، بۆنی تەرووی تەڕی نیوە شەوێکی بیارە و
بۆنی مێخەکی شارەزوور .

-5

تۆ،
_ لەزۆرشت، زوو تێگە یشتی
هەموو ڕێگاکان دەڕۆنەوە سەر " کۆلا

هەر کۆلانێك، جۆرێ شیوەن بۆ شەهیدانی خۆ دەکەن .
بالأبەرزترین مزگەوت،لەشەقامێکی خاچنشیندا .
-لە زۆر شتیش، هەر تێنەگەشتی :
تەنیایـــی، جەماڵ عەبدولناسری وێنەی سەر دیواری جادەی " ئیبنخەلدون
"شەقامی ئیماموحەمەینی لە " زاحیەی ڕۆژئاوا" .
حیکایەتی لەیەکنەچووی کوردانی " زوقاقلبولات " .
مۆزەخانەی سابوون لە " سەیدا " و
دیواری نزمی بازاڕی" سەبرا ".

-6

بەیانییەك، فەیروز بەو " شەهدی کەلامەی"[(١)]،
بەیانییەك، زایەڵەی نەرمی " فەیروز " و قووقەی زبری ئەو کەڵەشێرە هەڵکورماوەی سەربانێژەی ڕۆژنامەی " ئەلنەهار" ، تێکەڵ بە ڕاکە ڕاکەی پیرێـ(ژن -وپیاو)ـی بەناو وەرزشی عەسرانی " جونیە " و " مەلعەب بەلەدی " و نیگای تووڕەی کچانی سەر " ڕەوشە " دەبێ و
دەبنە شیعرێکی، سەلاح ستیتیە، یان ئونسیلحاج ... !
ئەدونیس، ئێستایەکی ڕیش سپی، ڕابردوو یەکی ماندوو،
قارەمان و قوربانی، قەیرانی ڕۆژهەڵات، تێدەپەڕێ و دان ڕۆ دەکا بۆ ئەو تەیرانەی ئایندە،
ئەو تەیرانەی، وەك موشتەری ئەشعارەکانی قانیع، پاش سەدەیەك،
سەدەیەکی تر، سەرگەرم دەبن.

---

(١) . نالی : بەو شەهدی کەلامەت کەبە ئیشرابی لەتافەت
لەززەت دەگەیێنیٚ بە دڵ و زیهنی موخاتەب.

. /*

هەموو ئەوناوانەی نێو کەوانەکان، کەسایەتی وشوێنی تاییەتن بە وڵاتی لوبنان.

-7

کۆردەرەکانی ئاخاوتن /نووسین، وشـکانیی و بەردەڵانە، زمانم هەڵدەنووتێ

وەختە لار ببمەوە /هەڵدەستمەوە /تا ئاسۆیەکم لێوە دەرکەوێ .

ئاسۆیەکم لێوە دەرکەوێ

بۆ دەرکەوتنی هەر شیعرێ، چرای ئاسۆیەکی دەوێ

وەك ئاسۆی بەئاستەم دیار و نادیاریی ئەم شیعرە

کێ هاتنی هەر بەهارێك لە پایزەوە دەبینێ.. ؟

کێ ڕژانی گەڵای عومرێك بە زستان دەپێوێ.. ؟

لێم ڕوون نییە کە داخستنی کەوانەی دووەم /

دووەمی هەموو ڕستەکان /لە جێگای خۆیاندان.. ؟ یان نا.. ؟

ئەم هەموو تێپەڕینانە، کوا لەیەك تەمەندا دەبن ...... ؟

تارێك، سازێك، بلوێرێکم بۆ بنێرە، ئەم ساڵانە، بە شەپۆلی تار و بە کونی بلوێردا نەبێ نایەن .

بارانێکم بۆ بنێرە، گرێی ئەم شەوانە تەنیا دڵۆپی شووشەیی باران دەتووانێ بیانکاتەوە

نەئاسمان چەتری هەموو ئەستێرەکانە

نەشەو هەموو چڵ وپۆپی دارستانی داپۆشیووە.

بەیروت " – کۆتایی 2014 و سەرەتای" 2015

**((.. ئەگەر دیقەت بکەی لای (عیسا) ڕەنگە خۆڵیین و ڕەنگی ئاو، دوو ئەفسوونی سەیربن وسەرەنجام : حەنین تری دەکەن لە وتنەکاندا و دەبنە ئەو جیهانەی بە دوای شیعراندنی ناشیعریەتدا وێڵ دەبن ..))**

**تەها سلێمان**

پاشکۆی ئەدەب وهونەری کوردستانی نوێ ژ(2799)ــی (2002/7/4)

هێڵکاریەکانی ئەم دیوانە بریتین لە :

... مۆتیڤەکانی هونەرمەند(قەرەنی جەمیل) و سێ مۆتیڤی هونەرمەند (ڕۆستەم ئاغالە)کە لە دیوانی یەکەمیشمدا لەگەڵ شیعری ( دەرگایەك ، بێ دەنگیی و حەنین )ــدا بڵاوبوونەتەوە ،لەگەڵ ئەو کەڤاڵەی کە بۆ شیعری (دووا کۆتایی شتەکاندا) بووە من ئەمجارە بۆ شیعری (فەرزەندانە ) بەکارم هێناوەتەوە ، حورمەت وخۆشەویستیی زۆرم بۆ هەردووکیان .. هەستەکەم شیعرەکانی من بەبێ ئاسۆی هێڵکاریەکانی ئەوان هەمان دوورایی وجوانیی نابەخشن .. لەگەڵ هەندێ هێلکاری وکەڤاڵی جواندا بەوەی بەرگەکەشەوە لە سایتی (almasera)ــەوە وەرمگرتوون ..!

## پێڕست :

1-/ دوو سێبەر

2-/ هەردوو دیوی پەنجەرەکە

3-/شەو

4-/وێستگە

5-/دەرگایەك

6-/ئەو

7-/ئەم

8-/بنو ئازیز

9-/بێ دەنگیی

10-/ حەنین

11-/شیعرێك بۆ گروپی بەتانی

12-/کرانەوە

13-/ ؟

14-/داخران

15-/هاتنەوە

16-/فەرزەندانە

17-/ یوسف

18-/ فۆبیا

19-/ پەنا

20-/ خۆنەبوون

21 –/ نالی لە بەیروت

## عیســــا محەمەد عەبدولقادر (عیســـا چیایی )

(1968/3/16)- لە گوندی (دێبنە) سەربەقەزای (کفری) لەدایك بووە .

قۆناغی سەرەتایی و ناوەندی لە (سەیدە /کفری /کەلار ) تەواو کردووە .

(1992/1993 )زانکۆی بەغدا کۆلێژی ئەدەبیات بەشی زمانی عەرەبی تەواو کردوە .

(2015) ماستەر لە زمان و ئەدەبی عەرەبی کۆلێژی ئەدەبیاتی، زانکۆی بەیروتی عەرەبی لە ولاتی لوبنان .

مامۆستایە

*/ بڵاو کراوە چاپ کراوەکانی :

1 – (**پەرینەوە**) ...(2001) یەکەم کۆمەڵـە شیعر .

2– (**شـــێرەکوللەی ئاســـنین**)... ســـەلیم بـــەرەکات (2003) وەرگێڕانـــی لەعەرەبیەوە .

3– (**لەژێرئاسمانی شـیعردا** ) (2005) هەڵبژاردەیـەك لـە شـیعری عـەرەبی وجیهانی .

4– (**بثي، و، حزني** ) (2009)چاو پێ کەوتنێکی کورت بەعەرەبی وئەوشیعرانەش کە کراونەتەعەرەبی ولەبڵاوکراوەکانی کوردستان وعێراقدا بڵاوکراونەتەوە .

٥ - ڕۆمانی (**دمیان**) هیرمان هیسە ، وەرگێڕانی لە عەرەبیەوە .(٢٠١١)

*/ ئەم کتێبانەشی ئامادەن بۆ چاپ

1 – کتێبی (**هەڵوەشاندنەوە، بنەچە و تەزا** ) د. عەبدوڵڵا ئیبراهیم .

2 – ( **یەکەم ئەوین** ) حەوت چیرۆکی بیانییە ، لەعەرەبییەوە وەرگێڕدراوە .

٣– (**شارە نەبینراوەکان** ) شاکاری ئیتالۆ کالڤینۆ .

poetry

# the pervious deat



essa cheayee

(2013)